گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

**کاروان محمد صابر**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Karwanm1985@yahoo.com

**پ.ی.دهوشیار مظفرعلی**
ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Hoshyar.ali@su.edu.krd

**پ.ی.دمحمد خضر مولود**
ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
muhammad.maulood@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٦/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٧/٢٦
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Role, Public Relations, Kurdistan Region Government, Political Conflict*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.15

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە هەڵوەستەکردن لەسەر ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان، لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفییە (Descriptive Research)کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، بۆ گەیشتن ئامانجەکان، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی(Survey Method) بەکارهێناوە.
کۆمەڵی توێژینەوەکە، بریتیە لە کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، لە وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مشتەی توێژینەوەکە بریتیە لە (91) کارمەندی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، لە هەردوو ڕەگەز، کە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون.
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە دەرخستنی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ململانێی نێوان هەولێر و

بەغدا. هەروەها دەستنیشانکردنی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.
توێژەر گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی، کە دامەزراندنی سیستەمێکی دامەزراوەی بە پێویست دەزانرێت، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە بەڕێوەبردنی ئەو ململانیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەمەش بەپێی بۆچوونەکانی نمونەی توێژینەوەکە، لە نێو ئەو کارمەندانەی کە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە حکومەتی هەرێمدا کاردەکەن، بەتایبەت ڕۆڵیان هەیە لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان، هەروەها ڕۆڵیان هەیە لە پلانڕێژی، پەیوەندی، هەماهەنگی و هەڵسەنگاندن.

## پێشەکی:

سەرەڕای کەمی مێژووی سەرهەڵدانی وەک زانست، پەیوەندی گشتییەکان بەردەوام لە گەشەکردندایە و ڕۆڵ و بایەخەکەی جێی سەرنجی دامەزراوە گشتی و تایبەتەکانە. ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامودەزگاکان، بە تایبەتی لە حکومەتدا ڕۆڵێکی گرنگە، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت، جگە لەپێدانی شوێنی گونجاو وەک شێوازێک کاری پەیوەندییە گشتییەکانی پەیوەندییەکانی کردووە، بەتایبەتی لەڕووی سیاسیەوە.

لەچوارچێوەی توێژینەوەکەدا، هەوڵدەدەین ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم دیاری بکەین، لەپێشکەشکردنی سیمای ڕاستەقینەی هەرێم لەململانێیە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەپێی پرۆگرامێکی ئەکادیمی زانکۆیی، کە قەیران و میکانیزمی بەڕێوەبردنی دیاری دەکات و ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی لەهەرێمی کوردستان بەرجەستە دەکات.

ململانێی سیاسی، پرۆسەی ڕاکێشانی لایەنە سیاسیەکانە، بۆ گەیشتن بەئامانجێک کە بۆتە قەیران و دواتر ململانێ بەدوای قەیراندا دێت و ململانێی سیاسی بەدوای ئەو قەیرانە سیاسیەدا دێت، کەتێیدا

تێڕوانینی ململانێ یەکێکە لەتێڕوانینەکان و مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و بایەخدەدات بە لێکۆڵینەوەی (یەکە گەورەکانی گرووپ، حکومەت، دەوڵەت، ئیمپراتۆریەت و..تاد) تەنانەت لە بیرۆکەکە کە ناسراوە بە ململانێی بیرۆکەکان، وا تەماشای کۆمەڵگا دەکرێت، وەک دۆخێکی بەردەوامی ململانێ لەنێوان (گروپەکان، چین، توێژەکان، تاک، هێزی سیاسی ئابووری و رۆشنبیری) هەمیشەش جەخت دەکاتە سەر ململانێی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەکان، هاوتەریب لەگەڵ ململانێی سیاسی دواتر قەیرانی سیاسی، بەو پێیەی کە ئەو دوانە دەبنە هۆی دەستکەوتنی سوود بۆ کۆمەڵگا و لایەنەکانی ململانێ. بۆ ئەم تێڕوانینە چەندین دەروازە هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا و ململانێیە سیاسی وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان و بەرەوپێشچوونەکانی، وەك: دەروازەکانی سەروەت و دەسەڵات و جەماوەر، بەڵام ئەم دەروازەیانە بە تەواوی جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی ململانێ و قەیران دەکەنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا، دەروازەیەکی تیۆری لە ڕێگەی پێداچونەوە بە ئەدەبیاتی پەیوەندییە گشتییەکان خراوەتە ڕوو، بە مەبەستی ڕێبەرینامەیەک بۆ چارەسەرکردنی ململانێ سیاسیەکان.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، کە بەشی یەکەم تایبەتە بە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، کە خۆی لە ڕێکاری توێژینەوەکە و چەمکەکانی توێژینەوە دەبینێتەوە. هەروەها بەشی دووەم تایبەتە بە زانیارییینامە، کە بەشێوەیەکی چر و پڕ باس لە پەیوەندییە گشتییەکان کراوە. بەشی سێیەم، تایبەتە بە کردەنیینامە، کە داتا و زانیارییەکانی ڕاپێوویەکان شیکاری کراوە.

## بەشی یەکەم/ ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

**1.کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە: (ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چییە؟)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە بە شێوەیەکی زانستی وەڵامی چەند پرسیارێکی بنەڕەتی پەیوەست بە کرۆکی توێژینەوەکە بخرێتەڕوو، لێرەدا پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو:

1. رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە لە ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا؟
2. ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چییە؟
3. ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پەیوەندییە گشتییەکان لەحکومەتی هەرێمدا، لە ڕابەرایەتیکردنی ململانێ سیاسییەکانی نێوان هەولێرو بەغدا چییە؟
4. ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندییە گشتییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چین؟

## 3.گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لایەنی ڕەسەنایەتییە، کە یەکەم توێژینەوەی زانستییە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و باس لەڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کەپەیوەندی بەململانێیە سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا هەیە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەچێتە بواری پسپۆڕی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە گشتییەکان.

## 4.ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە خۆی لەمانە دەبینێتەوە:

1) دەرخستنی رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا.
2) دەستنیشانکردنی ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3) دەرخستنی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پەیوەندییە گشتییەکان، لەحکومەتی هەرێمدا لە رابەرایەتیکردنی ململانێ سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.
4) دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم پەیوەندییە گشتییەکان، لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

## 5.کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەسەرجەم وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

## 6.مشتەی توێژینەوەکە:

مشتەی توێژینەوە، بەشێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵی توێژینەوەیە و گوزارشت لە وێناکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی توێژینەوە دەکات، مشتەی ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە (91) کارمەندنی بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی هەرەمەکی وەرگیراون.

**خشتەی 1 زانیاری دیموگرافی دەربارەی کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان دیاری دەکات**

| گۆڕاوەکان | یەکەی گۆڕاوەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 72 | %79.12 |
| | مێ | 19 | %20.88 |
| تەمەن | 20-27 | 5 | %5.49 |
| | 28-34 | 9 | %9.89 |
| | 35-41 | 41 | %45.05 |
| | 42-49 | 15 | %16.48 |
| | >=50 | 21 | %23.08 |
| ئاستی خوێندن | سەرەتایی | 1 | %1.10 |
| | ئامادەیی | 4 | %4.40 |
| | دبلوم | 12 | %13.19 |
| | بەکالۆریۆس | 56 | %61.54 |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | دبلومی باڵا | 2 | %2.20 |
| | ماستەر | 15 | %16.48 |
| | دکتۆرا | 1 | %1.10 |

### 7. جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:

- جۆری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە، دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان، کە جۆرێکە لەو توێژینەوانەی بە ئاراستەی وەسفی و شیکردنەوەی دیاردەیەکە، زانیاری لە بارەیەوە لە بەردەست دابێت.
- ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕووپێوییە، لە دیارترین ڕێبازەکانی توێژینەوە و زۆرترین شێوە بەکاردێت لە توێژینەوە وەسفییەکان، چونکە زۆرترین داتا و زانیارییەکان لە بارەی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

### 8. سنووری توێژینەوەکە:

- سنووری کاتی: لایەنی مەیدانی لەماوەی(2023/4/1- 2023/6/1) جێبەجێکراوە .
- سنووری مرۆیی: کارمەندانی بەشی پەیوەنییەگشتییەکانی وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- سنوری شوێن: هەولێری پایتەخت

### 9. کەرەستەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، فۆرمی ڕاپێوی بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، فۆرمەکە بریتیە لە کۆمەڵێك لەو پرسیارانەی کە پەیوستن بە بابەتی توێژینەوەکە.

### 10. ڕێکارەکانی دروستیی رواڵەتی و جێگیری:

رووالّەتی دروستی، بەمەبەستی جێبەجێکردنی راستی بۆ تەوەر و پرسیار و برگەکانی ئامرازی توێژینەوەیە. توێژەر راستی رووالّەتی بەکارهێناوە، بەگەڕانەوە بۆ(3) پسپۆری بواری میدیا* بە پشت

---

*ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە:

1. پ.د.محمد جیاد/ بەشی پەیوەندییەگشتییەکان/کۆلیژی ڕاگەیاندن/زانکۆی بەغدا
2. پ.د نەزاکەت حسێن حەمەسەعید/بەشی ڕاگەیاندن/ فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەستن بەهاوکێشەی راستی رووالەت(84.9) بۆ جێگیری داتا و زانیاری کۆکراوە، بەئامرازی توێژینەوە، هەروەها توێژەر جێگیری ناوخۆیی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) یان بەکارهێناوە بەپێی خشتەی(2).

**خشتەی2 جێگیری داتا و زانیاری توێژینەوەکە دیاریدەکات**

| ژمارەی برگەکان | پیوانەی جێگیری |
|---|---|
| 29 | 0.856 |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (2) دەردەکەوێت کە جێگیری داتا و زانیاری توێژینەوەکە (0.856) کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتا و زانیاری توێژینەوەکە.

**دووەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان**

1. **ڕۆڵ** : لەپەیوەندییە گشتییەکاندا، رۆڵ بریتییە لە کارێکی ئیداری بەردەوام و پلان بۆ دارێژراو، کەپێویستی بە پرۆسەی کارگێڕی وەک پلاندانان و توێژینەوەی زانستی و رێکخستن و هەماهەنگی و هەڵسەنگاندن و کارەکانی دامەزراوەکەی ترە، کە پراکتیزە بکرێت. ڕۆڵ ئەو پاڵنەر و ئامانج و باوەڕ و هەڵوێست و رەفتارەیە، کە ئەندامانی گرووپ پێشبینی دەکەن لە کارێکدا ببینن یان دۆخێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو داگیری بکەن، کە وەسفی ئەو رەفتارە دەکات و لە بارودۆخێکدا پێشبینی دەکرێت.
2. **پەیوەندییە گشتییەکان:** بریتیە لە چەمکێکی ئاڵۆز، کە لە دوو وشە پێکدێت: یەکەمیان پەیوەندییەکانە، دووەمیان گشتییە، پەیوەندییەکان کۆی پەیوەندین، پەیوەندی بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو بابەت یان زیاتر، بۆیە پەیوەندییەکان بەستراوە بە کاریگەرییە هاوبەشەکانەوە، کە لە وەڵامدانەوە بە چالاکی یاخود رەفتار دروست دەبێ، وەڵامدانەوەش مەرجی سەرەکی پێکهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.
3. **حکومەتی هەرێمی کوردستان:** دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئەو بڕیارانەیە، کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانی عێراق (پەرلەمان) دەریکردووە، لە ساڵی 1992دا حکومەتی

---

3. **پ.ی.د. لانە صابر سعید / بەشی پەیوەندییەگشتییەکان / فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی**

هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ یەکەمجار متمانەی پێدراوە، ئەوەش دوای دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بۆ پاراستنی کوردستان لە هێرشە ئاسمانییەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی 1991

دواتریش ساڵی 2003 هێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە عێراقی نوێ دەرکەوت، تاکوو ساڵی ٢٠٠٥ لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵ چەسپا. ئەمڕۆ حکومەتێکی هەڵبژێردراو و متمانەپێدراو لەلایەن پەرلەمانەوە لە هەرێمی کوردستان هەیە.

4. **ململانێی سیاسی:** ململانێی سیاسی دۆخی کێبڕکێی تایبەتە، لەنێوان مرۆڤ لەسەر دەسەڵات یان بەرژەوەندییەکان، کە لایەنەکان درک بەوە دەکەن کە لە پۆستەکانی داهاتوودا جیاوازی هەیە، یەکێک لە لایەنەکان ناچار بە وەرگرتنی هەڵوێستێك دەکات، کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیدا ناگونجێت، هەروەها لەگەڵ جیاوازی بیروبۆچوونە سیاسییەکان و قەبارەی ململانێ لەگەڵ قەبارەی ئامانجەکانی، هەر چەندە ئامانجەکە گەورەتر بێت، ململانێکە گەورەتر دەبێت و توانا و سەرچاوە بەردەستەکانی لایەنەکان، لە ماوەی ململانێکە ئاراستە و بەرێوە دەبرێت. چەندین سیستەمی سیاسی هەن کە دەتوانن بەرگەی ململانێ بگرن، زۆربەیان شکست و هەرەسی زۆر دێنن و لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە و تێکدەشکێن. ناکرێت فرەجۆری ململانێیەکان پارچە پارچە بکرێن، چونکە ململانێیە ئابوورییەکان دەبێتە هۆی بوونی جۆرێک لە ململانێی سیاسی، هەروەک بوونی ململانێی سیاسی دەبێتە هۆی بوونی ململانێی کەلتووری، بەم شێوەیە دەبینین کۆمەڵگا یەکەیەکی تەواوکارە و ئەوەی کاردەکاتە سەر تەرازووی هێز کاریگەری دەبێت لەسەر هێزێکی دیکە.

## بەشی دووەم/ زانیاریینامە

### یەکەم: پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان:

پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان، بە ئینگلیزی (Public Relations) بریتییە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکراوی لە نێوان ڕێکخراوەکان و تاکەکان، بەهۆی ئەنجامدانی پەیوەندییەکی ستراتیژی لەنێوانیاندا، دەگەنە سوودبەخشینێکی ئاڵوگۆڕی، ئەو پەیوەندیکردنە دەبێتە هۆی پێکهێنانی بڕوایەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی دەزگاکە، ئەوەش بەهۆی کاریگەری و بەشداری و بەردەوامی پەیوەندی نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکان (بهجة 2000، 122) .

بەو شیوەیە پەیوەندییە گشتییەکان: دەبێت بە ئەڵقەی گەیاندنی نێوان هەر رێکخراوێك و ئەو کۆمەڵگەیەی دەروبەریەتی، هەموو رێکخراوێك لە کۆمەڵگە هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی خزمەتێکی دیاریکراو بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، پێویست دەکات پەیوەندییە گشتییەکان هەڵستێ بە بڕواپێهێنانی ئەو تاکانە سەبارەت بە خزمەت یان بەرهەمی رێکخراوەکە، هەروەها پرسیان پێ بکات و هەڵسەنگاندنیان وەربگرێت، سەبارەت بە بەرهەمەکانی رێکخراوەکە و رێز لەبۆچوون و هەڵسەنگاندنەکانیان بگرێت. رێکخراوەکە لەهەوڵی ئەوەدا بێت کە ئەو پەیوەندییە زیاتر بەهێز بێت و لەسەر بنەمای متمانەی نێوان هەردوولاوە دروست ببێت (فضيل 2014، 166).

پێناسەی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمەریکی: چالاکی هەر پیشەسازییەك یان دەستەیەك یاخود پیشەیەك یان حکومەتێکە، لەدروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکی باش لەنێوان خۆی و جەماوەرەکەی، وەکو بریکار و فەرمانبەر و بەشدار و جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی. تێبینی ئەوە دەکرێت کە کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکان تەنها تەرکیزی لەسەر پەیوەندیی رێکخراوەکەی لەگەڵ جەماوەرە دەرەکیەکەی وەکو بریکار و جەماوەر نەبووە، بەڵکو بەپێی پێناسەکەی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری ناوەخۆش دەگرێتەوە.(Hon,1999 p14)

جۆن مارستۆن: ئەرکێکە لە ئەرکەکانی کارگێڕی، پەیوەستە بە شیکردنەوەی رەفتاری جەماوەر بۆ زانینی ئاراستە و پێداویستییەکانی، کاردەکات بۆ دانانی پرۆگرامێك کە بگونجێ و رێکبکەوێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی لەبەرامبەر ئەو پێداویستیانەدا .(Al-rawahna, 2018, p165)

واتە: پەیوەندییە گشتییەکان: "فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی کارگێڕییە، بەشێوازی سیاسەت و کارەکەوە گوزارشت دەکات، بە مەبەستی زامنکردن و بەردەوامی متمانە و لێکگەیشتنی نێوان رێکخراوەکە و جەماوەرەکەی و بە بەکارهێنانی پەیوەندی دووسەرە، لەنێوان هەردوو لاوە"(العدوي، 2016، 155)

بۆیە پەیوەندییە گشتییەکان لەم تێزەدا، بریتیە لە بەشێکی تایبەت بەپەیوەندیکردنی نێوان دەزگا و رای گشتی، بەهۆی گوتاری پەیوەندییکردنی دیاریکراوەوە، بەزمانێك کە رای گشتی تێیبگات و وەریبگرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان:**

پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵی گەورە و کاریگەری هەیە لە (راگەیاندن، ریکلام، بانگەشە، پێکهێنانی جەماوەر و رای گشتی و ئەدای سیاسی) بۆ دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان، وەک:

1. چاندنی هەستی بەشداریکردن و بەرپرسیارێتی: ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە پێویستە لە بەرنامەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا گرنگی پێ بدرێت، ئەمەش پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان نییە بەتەنها، بەڵکو دەبێت هەستی بەشداری و هاوبەشی ئەرێنی دروست بکات، رەنگە کەمپینەکە پێویستی بە چڕکردنەوەی میدیا و روونکردنەوەی کێشەکە بکات، لە رێگەی (ناملیکە، ڤیدیۆ، تابلۆ، فیلم، مەنەلۆج، کۆبوونەوە و سیمینارەکاندا (عجوة ،1985،45).
2. شێوازی رێکخستنی سەردانەکان: چونکە بینینی چاو لە بیستن قایلکەرترە و کاریگەری بینینی چالاکی کۆمەڵایەتی کە لە واقیعدا پێشکەشکراوە، زۆر بەهێزترە لە وانەیەک یان وتاری نەبینراو، لەسەر بابەتی چاودێری کۆمەڵایەتی(ذیاب،2014،53).
3. بانگهێشتی سەرکردەکانی رای گشتی و کەسایەتییە کاریگەرەکان، کە باوەڕیان بە خزمەتی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و یارمەتی لاوازان و بێ لانەکانی کۆمەڵگە هەیە، وەک چۆن بەسوودە بانگهێشتیان بکەین بۆ تەماشاکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پێویستی بەشداریکردنیان تیایدا، تا وایان لێبکرێت کە ببنە ئەندامی هەمیشەیی لەو لیژنە و ئەنجوومەنە و بەرێوەیببەن.
4. شێوازی رێکخستنی هەڵمەتی کۆمەککردن: یەکێک لەگرنگترین چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لەدامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆکردنەوەی بەخشین و کۆمەکە لە (کۆمەکبەخشان، دامودەزگا ئابوورییەکان، سەرمایەداران، کۆمەڵە و حکومەتەکان) ئەو شێوازەی کۆکردنەوەی کۆمەک لەخۆیدا شێوازێکە بۆ بەستنەوەی جەماوەر بە ئامانجی دەزگاکە و هەست و سۆز لەگەڵیان. دەکرێ ئەو کۆمەك و بەخشینانە بەهۆی سیمینار و ئاهەنگ و بازاڕە خێرخوازەکان کۆبکرێنەوە، کە تێیدا کەسایەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵگا و کاریگەرەکان دەتوانن لە هەڵمەتەکانی بەخشیندا بەکار بهێنرێن، چونکە ئەوان لە کەسانی تر باشترن بۆ قایلکردنی خەڵک بە پەیوەندی پرۆژەکە و بە پارە و کەرەستەکان تا بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری پێبکەن(ابو قحف،1994، 112) .

5. ڕۆڵێکی سیاسی هەیە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لەبەڕێوەبردنی قەیران و سەرکردایەتی ململانێدا، کە تێیدا هاتووە: لەو وڵاتانەی کە دیموکراسی پەرلەمانی و فرەلایەنی سیاسی پەیڕەو دەکەن، پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لەڕاکێشان و کاریگەری لەسەریان، بۆ بەرژەوەندییەکی سیاسی دیاریکراو یاخود پارتێك لەنێو پارتە سیاسیە کێبڕکێکەرەکان لەسەر کورسی دەسەڵات.

### سێیەم: ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

یەکەی پەیوەندییە گشتییەکان، لەدامودەزگا حکومییەکان ئامانجیان پەرەپێدانی پرۆسەی کارگێڕی دامودەزگا حکومییەکانە، لەڕێگەی پێدانی زانیاری ورد لەبارەی ئاراستەکانی رای گشتییەوە، هەروەها بەشداری دەکات لە دۆزینەوەی رادەی ئەو کاریگەرییەی کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگەدا هەیانە، دەکرێت ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دەزگاکانی حکومەت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

1. بەدەستهێنانی پشتگیری پەیوەندییە گشتییەکان، دروستکردنی پردی متمانە و بەردەوامی لەنێوان خۆی و حکومەت، ئەوەش لەڕێگەی پێدانی زانیاری ڕاست و دروست، کە پشت بە راستگۆی و ئەمانەتەوە ببەستێ لەگەیاندنی زانیارییەکان.
2. باسکردنی ئامانجی سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی باو لە وڵاتدا. باسکردنی یاسا نوێیەکان و هەر گۆڕانکاری و چاککردنەوەی هەر برگەیەك، لەگەڵ باسکردنی پاساوەکانی گۆڕانکارییەکە و چاککردنەوەکە کە بۆچی کراوە(سلام،2005، 177).
3. پەرەدان بەهەستکردن بەلێپرسراوێتی لەنێو هاووڵاتیاندا، لەڕێگەی میدیای ناسراوی وەک (ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن و پێگە فەرمییەکان) و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا.
4. ڕێنوێنیکردنی هاووڵاتیان لەبەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی گشتیدا .
5. بەیزکردنی پەیوەندییەکان، چ لەگەڵ جەماوەری ناوەخۆ یاخود جەماوەری دەرەوەی دەزگاکە.
6. پێویستی ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان بەو خزمەت و ئەرکانەی کە حکومەت ئەنجامی دەدات، تاکو هاووڵاتیان تێیدا بەشداربن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. داکۆکیکردن لە هەڵوێستی حکومەت ئەگەر دووچاری هەر رەخنەیەك بووەوە لەلایەن ئەوانی دیکەوە(محمد،2010،82).

**ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکانی دەزگا حکومییەکان، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەڕێگەی رۆڵەکەیەوە(هاشم،1996، 18) :**

1. نەخشاندنی وێنەیەکی ئەرێنی ڕاستەقینەی دەوڵەت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، تاکو لەڕووی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەوە سوودمەند بێت.
2. ئاسانکردنی ئەرکی میدیای دەرەکی و دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆیان، بە ئامانجی گەیاندنی وێنەیەکی راستەقینەی نیشتمانی لە دەرەوەی سنوورەکانییەوە.
3. چاودێریکردنی هەر بڵاوکراوەیەك یاخود توێژینەوەیەك، بەهۆی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی دەرەکیەوە کە لەسەر نیشتمان بێت، وەڵامدانەوەیان ئەگەر پێویستی کرد.
4. چاودێری ئەوەی کە چی ڕوودەدات لەسەنتەری دروستکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها بەهێزکردنی کاریگەرە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر وڵات یان هەرێمەکە.

لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین، کە رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان، رۆڵی پردی نێوان دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان و جەماوەرە، لە ڕێگەی پەیوەندییە ستراتیژییە و سیستماتیکیەکانەوە.

**چوارەم: ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان**

ئەرکی پەیوەندی گشتی، لە چەند رەگەزێکی سەرەکی گەڵاڵە کراوە، کە یارمەتیدەرە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕۆڵ و کاریگەری پەیوەندییە گشتییەکان، لەناو هەر دامەزراوەیەکدا. لە لایەکی ترەوە ئەم رەگەزە سەرەکییانە دەرخەری ئەوەن کە کارکردن لە بوارەکەدا زۆر فراوانە. هەروەک ئاماژەیان بەوە کردووە کە کارکردنی کارمەندانی بواری پەیوەندی گشتی، چەندین چالاکی و کرداری جیاواز لە خۆ دەگرێت؛ لەوانە:

1 . توێژینەوە: هەنگاوی یەکەم و سەرەکی لە بواری پەیوەندی گشتی لە هەر دامەزراوەیەک، بریتییە لە توێژینەوە، چونکە راستەوخۆ کارکردن و مامەڵەکردنە لەگەڵ خەڵک یاخود دامەزراوەی تر. سەرەڕای ئەوەی هەنگاوی یەکەم لە هەر پرۆژە و چالاکییەک بە توێژینەوە دەستپێدەکات، لە پێناو

دەستنیشانکردنی گروپەکان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان و تێگەیشتن لە راوبۆچون و هەڵسوکەوتیان.

2. دانانی پلانی ستراتیژی: لەگەڵ دەستپێکی هەنگاوی یەکەم و پاش کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان، ئەوا هەنگاوی دووەم بەکارهێنانیانە بۆ دانان و دارشتنی پلانی ستراتیژی دامەزراوەکە. لێرەدا چەندین پرسیاری گرنگ و جەوهەری پێویستە وەڵامبدرێنەوە، لەوانە: ئێستا دامەزراوەکە لە کوێدایە؟ چۆن گەشتوین بە بەم ئاست و قۆناغە؟ ئەی دەمانەوێت لە داهاتوودا بگەینە کوێ؟ بە کام میکانیزمە دەتوانین بگەینە ئەو ئاست و ئامانجە؟

3. راوێژکاری: کارو چالاکییەکی تری پەیوەندی گشتی، پێدانی راوێژە بە کەسانی سەرو خۆی، کە پێویستە لە پلان و بەرنامەی بۆ دانراو تێبگەن و رەزامەندبن لە ئەنجامدانی. (Lubbe and Puth, 2002, 10)

4. هەڵسەنگاندن: بەشێکی تر لە کار و چالاکییەکان، بریتییە لە هەڵسەنگاندن بۆ هەر پلان و بەرنامەیەکی دانراو، لە کاتی جێبەجێکردن و لە دواتردا، بۆ ئەوەی سەرجەم لایەنە بەهێز و لاوازەکان، ئاست و کاریگەری پەیام و میکانیزمەکان، رۆڵی کارەکتەرە بەشداربووەکان دەستنیشانبکرێت.

5. پەیوەندی میدیایی: یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کارمەندان و پیشەوەرانی بواری پەیوەندی گشتی، بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی میدیادا. پێویستە رەچاوی پەیوەندییەکە بکرێت کە دوولایەنە بێت، بەو واتایەی کارمەندانی پەیوەندی گشتی سود لە میدیا وەربگرن بۆ گەیاندنی پەیام و زانیارییەکان بە جەماوەرەکانیان، لە هەمانکاتیشدا میدیا لە کاتی پێویستدا زانیاری لە کارمەندانی پەیوەندی گشتی وەربگرێت و بیگوازێتەوە بە تایبەت لە کاتە نەخوازراوەکاندا، کە جەماوەری هەر دامەزراوەیەک پێویستی بە زانیاری راست و دروستە.

6. رێکخستن: سەرەرای ئەو کار و چالاکییانەی سەرەوە، پەیوەندی گشتی بەشێکی زۆر لە رێکخستن و بە ئەنجامگەیاندنی چەندین بۆنە و چالاکی تری لەسەرە، وەک (کۆنفرانسی رۆژنامەوانی، رێکخستنی بۆنەکان، ساڵیاد و یادکردنەوەی دامەزراندن یان هەر دەستکەوتێکی تر) بۆنەی تایبەت بە کاری خێرخوازی و کۆکردنەوەی داهات و چەندین چالاکی تر.

7. راهێنان: بەهۆی زۆری مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و دەرکەوتن لەبەردەم جەماوەردا، کارمەندانی پەیوەندی گشتی رۆڵیان هەیە لە راهێنان و پەرەپێدانی تواناکانی بەڕێوەبەرانی هەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوەیەک. بە تایبەت لە کاتی پێشکەشکردنی وتار یاخود کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکان (Cutlip et al. 2006; 36).

**پێنجەم: پێوانەکردنی پەیوەندی گشتییەکان**

ڕێگاکانی پێودانگکردنی کارایی پەیوەندی گشتی دەخاتەڕوو، بەو پێیەی لە هەر پەیوەندییەکدا زانینی ئاستی خودی پەیوەندیی گرنگە، لەوەش گرنگتر چۆنێتی پێوانەکردنی ئەو ئاستەیە. ئەگەر میکانیزمی پێوانەکردنی پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکان تا رادەیەک قورس بێت، ئەوا بۆ دامەزراوەکان کە پەیوەندییان لەگەڵ چەندین گروپ و دامەزراوە و تاکی جیاوازدا هەیە، زۆر ئەستەمترە( Baily; 2018).

ئاماژە بە گرنگی پێوانەکردنی پەیوەندی دەدات لە پێناو دەرکەوتنی ئاستی بەرەوپێشچونی پەیوەندییەکە، سەلماندنی کاریەگەرێتی و گەیاندنی بەهاکەی. لە لایەکی تریشەوە باس لەوە دەکەن، بەکارهێنەرانی پەیوەندی گشتی و ئەکادیمیستەکان، باوەڕێکی زۆریان بەم بوارە هەیە، کە دەزانین ئامانجی سەرەکی لە پەیوەندی گشتیدا بریتییە لە (بنیادنی پەیوەندی، بەردەوامیدان بۆ ماوەیەکی دور مەودا لەگەڵ گروپی دیاریکراو)ـدا، بۆیە گرنگە پێوانەی ئاستی پەیوەندی بکەین. لەم روانگەوە هەردوو زانا هەستاون بە دەستنیشانکردنی شەش فاکتەری سەرەکی بۆ پێوانەکردنی ئاستی پەیوەندییەکە لەوانە: (Grunig and Hon, 1999)

1. کۆنترۆڵی هاوبەش (دوولایەنە): تا چەند لایەنەکان رەزامەند و کۆکن لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵاتی بەجێی هەیە، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەوی تر هەبێت، هەرچەندە هەندێک ناهاوسەنگی شتێکی سروشتییە. بەڵام بۆ ئەوەی پەیوەندی جێگیر هەبێت، پێویست دەکات دامەزراوەکە و جەماوەرەکەی کۆنترۆڵیان بەسەر یەکەوە هەبێت.
2. متمانە: لە سێ ڕووەوە، گرنگە لایەنەکان متمانە و باوەڕیان بە یەکتر هەبێت، لەوانە (نەزاهە) واتە باوەڕت وابێت کە ڕێکخراوەکە دادپەروەرانەیە. (پشت بەستن) واتە: متمانەت هەبێت کە ڕێکخراوەکە ئەو شتە دەکات کە دەیڵێت و دەیکات. (لێهاتووی) واتە متمانەت هەبێت کە دامەزراوەکە دەتوانێت ئەو شتە بکات کە دەڵێت دەیکەم.
3. رازیبوون: تا چەند هەر لایەنێک هەست دەکەن بەرەو رووی یەکتر دەڕۆن، چونکە پێشبینی باش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر پەیوەندی بۆ خۆی دوپاتکردنەوەیە لەسەر بەردەوامی. پەیوەندی رازیکەر شتێکە کە قازانجەکەی لە تێچووەکەی زیاترە.

4.پابەندبوون: تا چەند لایەنەکان هەست و باوەڕیان وایە کە پەیوەندییەکە شایەنی ئەوەیە کە وزەی تێدا سەرفبکرێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و گەشە بکات.

5.پەیوەندی گۆڕینەوە: لە پەیوەندی گۆڕینەوەدا، لایەنێک سود بە لایەنەکانی تر دەگەیەنێت، تەنها لەبەرئەوەی لایەنەکەی تر لە رابردوودا سودی پێگەیاندووە یاخود چاوەڕێی لێدەکرێت لە داهاتوودا بیکات.

6.پەیوەندی کۆمەڵگە: لە پەیوەندی کۆمەڵگە، هەردوو لایەن سود بەیەک دەگەیەنن، لە بەر ئەوەی گرنگی بە خۆشگوزەرانی یەکتر دەدەن ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا هیچیان نەبوو بۆ یەکتری بگەڕێننەوە.

**شەشەم: پەیوەندی گشتی و رۆڵی لە بەڕێوەبردنی ململانێکاندا**

ململانێ، پرۆسەی پەنابردنە بۆ هێزی زارەکی، یاخود هێزی کردەیی یا سەربازی، بۆ دۆزینەوەی دەستکەوتی ئەو ئامانجەیە کە بەهۆتە هۆی قەیران و گۆڕیویەتی بۆ ململانێ بە هەموو شێوازە بەردەستەکانی تاک و دەزگا و رێکخراو و حکومەت و دەوڵەت. بەو پێیەی کە ئەو ململانێیە زادەی وەرگەڕانی قەیرانە بۆ پرۆسەیەکی خێرای نێوان لایەنە یەکگرتوو و دیاریکراوەکان، لەپێناو گەیشتنی هەر لایەك بەئامانجێکی دیاریکراو کە رەنگە هەندێجار هاوبەشبن لە گەیشتن بەو ئامانجە، بە رەچاوکردنی رێکەوتنیان یاخود جیاوازی نێوانیان لەسەر ئەو ئامانجە.

هەروەها قەیران و ململانێ، دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی چاوەڕوانی جەماوەر بەرامبەر دامودەزگاکە، لە ئەنجامدا هاوڵاتیان (جەماوەر) تورە و نیگەران دەبن، ئەمەش دەبێتە هەرەشە لەسەر پەیوەندی نێوان خەڵك و دامودەزگاکە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە قەیران بە هەرەشەیەکی جدی لەسەر ناوبانگی دەزگاکە دادەنرێت.

بەوردبونەوە لەو کورتە باسەی سەرەوە دەتوانین (دوو رەگەز)ی سەرەکی دەستنیشان بکەین، کە ئاماژەیەکی روونن بۆ پەیوەندی لە نێوان پەیوەندی گشتی و ململانێ، کە لە پێناسە و رۆڵەکانی پەیوەندی گشتی ئاماژەیان پێدراوە، لەوانە:

- یەکێک لە ئەرک و رۆڵە سەرەکییەکانی کارمەندی پەیوەندی گشتی، بریتییە لە توانای پێشبینیکردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ روداوەکان و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو، بۆیە کارمەندی پەیوەندی گشتی بەر لە روودانی هەندێک قەیران.

- لە کاتی رووداني ململانێ و قەیراندا، ئەگەر دامەزراوەکە نەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات و جەماوەرەکەی خۆی تێبگەیەنێت، قەیرانەکە دەبێتە هۆی تورەیی و نیگەرانی جەماوەر و لە ئەنجامدا لەسەر ناو و ناوبانگی دامەزراوەکە دەکەوێت. (الجواری، 2016، 97)

هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، پەیوەندی گشتی لەسەرجەم قۆناغە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی ململانێ و قەیران، تا کۆتایهاتنی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەرییان هەیە، ئەم ڕۆڵ و ئەرکەش بەپێی ئاستی ململانیەکە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت، وەک قۆناغەکانی (Fearn-Banks, 2009):

1. هەستپێکردن: ئەم قۆناغە رەنگە بە ئاماژەی وریا کەرەوە دەست پێبکات، وەک نیشانە سەرەتاییەکانی نەخۆشی٠ هەندێک قەیران هیچ ئاماژەیەکی ورياکەرەوەی لەگەڵدا نییە، بەڵام زۆریان هەیەتی٠ بۆ نموونە: کاتێک کۆمپانیایەک هەمان کاری تۆ دەکات و روبەڕووی قەیران دەبێتەوە، ئەوا نیشانەیەکی وریا کەرەوەیە بۆ دامودەزگاکەت٠

2. ئامادەکاری: زۆر گرنگە کە ئیتر مامەڵە لەگەڵ ململانێ و قەیران دا بکرێت، بە تایبەت کە ناتوانرێت خۆمانی لێبپارێزین. پلانی پەیوەندیکردن ئامرازی سەرەکییە لەم قۆناغەدا، چونکە پلانەکە رۆڵی هەر کەسێک دیاری دەکات کە کێ چی دەکات؟ چۆن بگەین بە خەڵکی؟ چی بڵێین؟ ئەرک و ڕۆڵی کارمەندی پەیوەندی گشتی دەردەکەوێت کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ڕووداو پێشهاتەکان بکات.

3. رێگەگرتن: ئاماژەدانە بە هەوڵدان بۆ سنوردارکردنی، لە رووی کاتەوە یان بەر پێگرتن لە بڵاوبونەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەکانی تر، کە کاریگەریان لەسەر دامووەزگاکە هەیە٠

4. بوژانەوە : سەرجەم ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە دەگرێتەوە، کە دەدرێت بۆ ئەوەی داموو دەزگاکە بگەڕێتەوە سەر بارودۆخی ئاسایی کارکردنی خۆی٠ دامودەزگاکە دەیەوێت کۆتایی بە قەیرانەکە بهێنێت، بگەڕێتەوە باری ئاسایی بە زوترین کات. یان رەنگە بە مانای گەڕانەوەی متمانە بێت بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەماوەر و بگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی.

5. فێربون: قۆناغی فێربون، بریتییە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لە ململانێ و قەیرانەکە و تەرکیز خستنە سەر ئەوەی چی لە دەست درا یان چی بەدەست هات. هەروەها چۆن داموودەزگاکە کارەکانی کردووە لە کاتی قەیرانەکە. لەم پرۆسەیەدا، هەڵسەنگاندن دەکرێت بۆ ئەوەی هەست بە ئاماژەکانی قەیران بکرێت لە داهاتودا. کاتێک بۆ یەکەمجار داموودەزگایەک توشی قەیرانێک دەبێت، مانای ئەوە نییە کە جارێکی تر لە داهاتودا توشی نابێتەوە.

## بەشی سێیەم/ کردەنینامەی توێژینەوە

**خشتەی 3 ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی رووندەکاتەوە**

| کۆد | دەستەواژەکان | # | بە تەواوی نارازیم | نارازیم | بێلایەن | رازیم | بە تەواوی رازیم | تێکرای ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی ڕێککەوتن | ڕیزبەندی برگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| W1.1 | دامەزراندنی سیستەمێکی دامەزراوەی بە پێویست دەزانرێت بۆ پەیوەندییە گشتییەکان. | دووبارەکردنەوە | 2 | 0 | 1 | 23 | 65 | 4.64 | 0.72 | %92.75 | 1 |
| | | % | %2.20 | %0.00 | %1.10 | %25.27 | %71.43 | | | | |
| W1.2 | بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، پێویستمان بە بوونی دەزگاکانی پەیوەندییە گشتییەکانە لە دامەزراوەکاندا | دووبارەکردنەوە | 2 | 1 | 0 | 40 | 48 | 4.44 | 0.76 | %88.79 | 2 |
| | | % | %2.20 | 1.10% | %0.00 | %43.96 | %52.75 | | | | |
| W1.3 | پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجیان کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر گرنگترین بابەتەکان | دووبارەکردنەوە | 3 | 5 | 7 | 53 | 23 | 3.97 | 0.92 | %79.34 | 7 |
| | | % | %3.30 | %5.49 | %7.69 | %58.24 | %25.27 | | | | |
| W1.4 | پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گواستنەوەی ڕاستییەکان. | دووبارەکردنەوە | 5 | 3 | 8 | 45 | 30 | 4.01 | 1.03 | %80.22 | 6 |
| | | % | %5.49 | %3.30 | %8.79 | %49.45 | %32.97 | | | | |
| W1.5 | لە گرنگترین پرەنسیپەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ڕەچاوکردن و وردبینی و ڕاستگۆیی و نەشاردنەوەی ڕاستییەکان لە جەماوەر. | دووبارەکردنەوە | 1 | 4 | 3 | 42 | 41 | 4.30 | 0.82 | %85.93 | 5 |
| | | % | %1.10 | %4.40 | %3.30 | %46.15 | %45.05 | | | | |
| W1.6 | ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان بەبەڵگەکردنە کە ئەوش وەکو بەنکێکی زانیاری دەمێنێتەوە، هەر کاتێ پێویستمان بە وەڵامدانەوەیەک یاخود زانیارییەک بوو، سوودمەند دەبین لێی | دووبارەکردنەوە | 1 | 0 | 5 | 45 | 40 | 4.35 | 0.69 | %87.03 | 4 |
| | | % | %1.10 | %0.00 | %5.49 | %49.45 | %43.96 | | | | |
| W1.7 | ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان گەیاندنی وێنەیەکی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەوەیە | دووبارەکردنەوە | 1 | 1 | 1 | 44 | 44 | 4.42 | 0.68 | %88.35 | 3 |
| | | % | %1.10 | %1.10 | %1.10 | %48.35 | %48.35 | | | | |
| W1 | ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم | دووبارەکردنەوە | 15 | 14 | 25 | 292 | 291 | 4.30 | 0.55 | %86.06 | |
| | | % | %2.35 | %2.20 | %3.92 | %45.84 | %45.68 | | | | |
| | تێکرای کێشکراو | | %4.55 | | | %91.52 | | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1.ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی سەدی ئەو کەسانەی کە هاوڕان لەگەڵ دەستەواژەی (W1.1)بوو، کە ئاماژەیە بۆ (دامەزراندنی سیستەمی دامەزراوەیی پێویستە بۆ پەیوەندییە گشتییەکان)، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی کە هاوڕا نەبوون (2.20%) بوو، لەگەڵ تێکرای ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بە بەهای (4.64) و (0.72) یەک لە دوای یەک، و ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن بۆ دەستەواژەی ئاماژەپێکراو باسکراو گەیشتە (92.75%)، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆچوون و وەڵامەکان بە ئاستێکی باش مەیلیان بەرەو ڕێککەوتنە. (92.75%)

2.ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی سەدی بەشداربووەکان کە لەگەڵ دەستەواژەی (W1.2) هاوڕابوون (96.70%) بوو، کە ئاماژەیە بۆ (بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، پێویستمان بە بوونی دەزگاکانی پەیوەندییە گشتیەکانە لە دامەزراوەکاندا)، لەکاتێکدا ڕێژەی سەدی ئەو بەشداربووەوانەی کە هاوڕانەبوون (3.30%) بوو بە تێکڕای ژمێریاری و لادانێکی ستاندارد بە بەهای (4.44) و (0.76) یەک بە دوای یەک، و ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن بۆ دەستەواژەی ئاماژەپێکراو گەیشتە (88.79%)، ئاماژەیە بۆ ئەوەی بۆچوون و وەڵامەکان مەیلیان بەرەوڕێککەوتنە.

3.ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی سەدی بەشداربووەکان کە لەگەڵ دەستەواژەی (W1.7) هاوڕابوون (96.70%) بوو، کە ئاماژەیە بۆ (ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان گەیاندنی وێنەیەکی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەوەیە)، لەکاتێکدا ڕێژەی سەدی ئەو بەشداربووەوانەی کە هاوڕانەبوون (2.20%) بوون بە تێکرای ژمێریاری و لادانی پێوانەییی بە بەهای (4.42) و (0.68) یەک بە دوای یەک ، و ڕێژەی ڕێککەوتن بۆ دەستەواژەی ئاماژەپێکراو گەیشتە (88.35%)، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆچوون و وەڵامەکان مەیلیان بەرەو ڕێککەوتنە.

4.ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی سەدی بەشداربووەکان کە لەگەڵ دەستەواژەی (W1.6) هاوڕا بوون (93.41%) بوو، کە ئاماژەیە بۆ (ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان دۆکیومێنت کردنە، کە وەک داتا بەیسێک دەبێت دەتوانین بەکاری بهێنین هەرکاتێک پێویستیمان بە وەڵام یان زانیاری هەبوو)، لە کاتێکدا ڕێژەی سەدی ئەندامانی نمونەکە کە هاوڕا نەبوون (1.10%) بوو بە تێکرای ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بە بەهای (4.35) و (0.69) یەک بە دوای یەک ، و ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن بۆ دەستەواژەی ئاماژەپێکراو گەیشتە (87.03%) ، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆچوون و وەڵامەکان مەیلیان بەرەو ڕێککەوتن هەیە، بەپێی بۆچوونی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5.ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی سەدی بەشداربووەکان کە لەگەڵ دەستەواژەی (W1.5) هاوڕان بوون (91.21%) بوو، کە ئاماژەیە بۆ (یەکێک لە بنەما گرنگەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ڕەچاوکردن، وردی، ڕاستگۆیی، و نەشاردنەوەی ڕاستییەکان لە خەڵک)، لە کاتێکدا ڕێژەی سەدی ئەندامانی نمونەکە کە ناڕازیبوون (5.49%) بوو، بە تێکرای ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بە بەهای (4.30) و (0.82) یەک بە دوای یەک ، وە ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن بۆ دەستەواژەی ئاماژەپێکراو گەیشتە (85.93%) ، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆچوون و وەڵامەکان مەیلیان بەرەو ڕێککەوتنە، بەپێی بۆچوونەکانی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە.

6.ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی بەشداربووەکان کە لەگەڵ دەستەواژەی (W1.4) هاوڕا بوون (82.42%) بوو، کە ئاماژەیە بۆ (پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گەیاندنی ڕاستییەکان)، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو بەشداربووەوانەی کە ناڕازیبوون (8.79%) بوو، بە تێکرای ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بە بەهای (4.01) و (1.03) یەک بە دوای یەک ، وە ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن بۆ دەستەواژەی ئاماژەپێکراو گەیشتە (80.22%) ، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بۆچوون و وەڵامەکان مەیلیان بەرەو ڕێککەوتنە،بەپێی بۆچوونەکانی نمونەی توێژینەوەکە .

7.ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی سەدی بەشداربووەکان کە لەگەڵ دەستەواژەی (W1.3) هاوڕا بوون (83.52%) بوو، کە ئاماژەیە بۆ (پەیوەندییە گشتیەکان ئامانجیان کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر گرنگترین بابەتەکان)، لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو بەشداربووەوانەی کە ناڕازیبوون (8.79%) بوو، بە تێکرای ژمێریاری و لادانی پێوانەیی بە بەهای (3.97) و (0.92) یەک بە دوای یەک ، وە ڕێژەی سەدی ڕێککەوتن بۆ دەستەواژەی ئاماژەپێکراو گەیشتە (79.34%). ، ئاماژەیە کە بۆچوون و وەڵامەکان مەیلیان بەرەو ڕێککەوتنە، بەپێی بۆچوونەکانی نمونەی توێژینەوەکە.

